ژمارەی کوژراوانی غەزەی گێشتە 23 هەزار کەس

ژمارەی قوربانیانی هێرشەکانی سوپای ئیسرائیل بۆ سەر کەرتی غەزە بەرزبووەتەوە بۆ 23 هەزار کەس.

ئەمڕۆ شەممە، وەزارەتی تەندروستی فەڵەستین رایگەیاند، تادێ بەهۆی هێرشەکانی سوپای ئیسرائیل بۆ سەر کەرتی غەزە ژمارەی کوژراوان و بریندارانی زیاتر بەرز دەبێتەوە و لەهەمان کاتدا وەرزی زستان زەحمەتی زیاتری بۆ خەڵکی کەرتەکە دروست کردووە و برسییەتی زۆرێش رووبەڕووی دانیشتوان بووەتەوە.

وەزارەتی تەندروستی فەڵەستین ئاماژەی بەوەش کرد، بەهۆی هێرشە بەردەوامەکانی ئیسرائیلەوە کە لە 92ـەمین رۆژی دایە، ژمارەی کوژراوان بۆ 22 هەزار و 722 کەس بەرز بووەتەوە، هاوکات ژمارەی بریندارانی گەیشتووەتە 58 هەزار و 166 کەس. رووندیشیکردووەتەوە 70%ـی قوربانییەکان منداڵ و ئافرەتن. باسی لەوەش کردووە، کە تا ئێوارەی ئەمڕۆ شەممە لانیکەم 15 هاووڵاتی فەڵەستینی گیانیان لەدەستداوە